ساڵێک لەدەستکەوت... دەروازە سنووریەکان بەرزترین داهات لە مێژوودا تۆمار دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە،دەستەی گشتیی دەروازە سنووریەکانی عێراق،ئاشکرایکرد : بە یەکەمجار لە مێژووی دەستکەدا، داهاتی ساڵی 2025 ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە و گەیشتووەتە زیاتر لە 2 ترلیۆن و 200 ملیار دینار،وتەبێژی دەستکە ڕایگەیاند کە ئەم دەستکەوتە بەهۆی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت بە بە ئەلیکترۆنیکردنی ڕێکارەکان، نەهێشتنی مامەڵەی کاغەزی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەوە بەدەست هاتووە.

"عەلائەددین قەیسی" وتەبێژی دەستکە ، لەبەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە ڕایگەیاند: کۆنترۆڵی توندی پرۆسەی حەواڵەی پارە کراوە بە ڕێگری لە سپیکردنەوەی پارە، هەروەها لە ڕووی ئەمنییەوە دەست بەسەر 725 ئۆتۆمبێلی "خوار مەدەلە"ـدا گیراوە کە بە نیازبوون بە قاچاخ بیهێننە ناو عێراق، هاوکات ڕێگری لە هاتنناوەوەی بەکی زۆر ماددەی هەشبەر و دەرمانی نایاسایی و خراپ کراوە. ووتیشی : بە باشترکردنی کارەکان، سیستەمی GPS بە چاودێریی بازرگانیی ترانزێت بەکار هێنراوە و سەرجەم سنارەکان بە تەواوەکی ئەلیکترۆنییەوە بەستراونەتەوە. ڕاشیگەیاند : لە دەسپێی باجیشدا، لە ڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشەوە کەمپانیاکان ناچار کراون پاکانەی باج بکەن، کە ئەمەش سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتی زیاتر کردووە.